# خەڵکی کوردوستان و مێژویەک لە کوشتن،
# دەسەڵاتی هەرێم و بێ ئەقڵییەک بۆ مێژوو

**عبدولا علی**

نۆی ئەم مانگە کاتژمێر هەشتی بەیانی، بەردەم وەزارەتی ناوخۆی کوردوستان لەهەولێربوو بەنمایشێکی زیندووی خوێن ڕشتنی کۆمەڵێک ئینسان، بوو بەمەیدانی قەسابخانەیەکی تر بە دەستی ئەو بایەقوشانەی کە بۆ وێرانە دەخوێنن، جارێکی تر کۆمەڵێ ئینسان خەڵتانی خوێن کراو کۆمەڵێ خێزانی تر دەرگای شیوەن و ڕۆڕۆیان بەڕودا کرایەوە، بەڵێ جارێکیتر کۆمەڵێ دایک یەخەی کراسەکانی خۆیان دادڕی و کۆمەڵێ خوشک لەسەرتەرمی براکانیان پرچەکانیان ڕنیەوە،جارێکی ترهەموو ئینسانە ئازادی خوازەکان،ئەوانەی کە دڵیان بۆ ژیانێکی شایستە بە ئینسان لێ دەدات، تارماییەکی غەمبار بەری چاواکانیانی گرتوو،شووشەی پەنجەرەی ماڵەکان بۆ پارچە پارچە کراوی خۆیان گریان، لەمبەریشەوە کۆنەپەرستان شاییان کردو هەلهەلەیان کێشا، ئاخر ئەوان فرچکیان بە خوێن ڕشتن سواخ دراوەو تەنها بە خوێن تونێتیان دەشکێت، چواردە کوژراو سەدوبیست وسێ بریندار، بەرهەمی کاروکردەوەی ئەوکەسانە بوو کە لە هەموو ماناکانی ژیان داشۆراون، بەرهەمی ئەوترۆریستە خۆکوژە بوو کەدەیەوێت بمان گەڕێنێتەوە بۆ چاخە کۆنەکان و بە دیار چرای فتیلەوە دانیشین، بەرهەمی نەوە قەزەم و تاریک بینەکانی زەرقاوی و ئەباعوبەیدەن.

هەر ئەمڕۆیش ترۆرستێکی ئیسلام بە ئۆتۆمۆبێلێکی بۆمبڕێژ کراوەوە خۆی کرد بە بارەگای لقی 23ی پارتیداو بیست وهەشت کوژراوو سەدوپەنجا برینداری لێکەوتەوە، دوو تەقینەوە لە یەک هەفتەدا پێمان دەڵێ کە کوردوستان بووە بە لانکەی ترۆریستانی سادرکراو،هەرجووت ڕوداوەکە هەموو ئیدعاکانی دەسەڵات کە بۆ ئارامی کوردوستان و چاوکراوەی ئاسایش و پۆلیس هەڵیان دەڕشت بێماناوناکام کردەوە،ئەمە دەیسەلمێنێت کە نەک هەرنەیان توانی خەڵک بپارێزن بەڵکو دەسپێک ترۆر چووە ناو دەزگاکانی خۆیان، دیسانیش بەئاشکرا خەڵکی کوردوستان ڕوبەڕو بوونەتەوە لەگەڵ واقعێکداکە ترۆرە،خۆدزینەوە لەم واقعە جگەلە زۆرترین خوێن کەلەبەرخەڵک دەڕووات مانایەکی تری نییە.

خەڵکی کوردوستان ومێژوویەک لە کوشتن،دەسەڵاتی هەرێم و بێ ئەقڵییەک بۆ مێژووزیاترلە حافتا ساڵەخەڵکی کوردوستان لە ژێرڕەحمەتی چەقۆو چەکمەی داگیر کاریدا دەناڵێنێت، سەرزەمینێکی پارچە پارچەکراو، ڕۆحێکی پارچە پارچەکراو،مێژوویەک کە هەموو ئینسانێکی بەئینساف دەزانێت کە بە خوێن نوسراوەتەوە، ئاشی لەناو بردنی خەڵکی کوردوستان دەمێکە لە گەڕاندایەو داسی مەرگ دەمێکە دروێنەی گیان و ژیانی ئەم خەڵکە دەکات، کە بیر لەم مێژووە دەکەیتەوە هەست دەکەیت گۆڕ بۆ ئەمان هەڵکەنراوەو تابووت بۆ ڕاکشانی ئەمان دروستکراوە.

هەلومەرجێک کە شەڕی خلیج هێنایە پێشەوە،خەڵکی کوردوستانی بەرامبەر دڕترین ڕژێمی ئەم دنیایە ڕاپەڕاند، ئەو دەمانە پێمان وابوو کردنەوەی دەرگایەکی نوێیە تا هەمووومان بتوانین هەناسەیەکی ڕەحەت لە سایەیدا هەڵکێشین، بەڵام نەک هەروانەبوو بەڵکو پێچەوانەکەی واتە قەدەغەکردنی هەناسەدانیشی لەگەڵ خۆی هێنا، شەڕی ناوخۆ هاتە ناو ماڵەکانمان، دایکانی شەهیدان بۆڕاگرتنی شەڕی کوردکوشتن ڕێگای سلێمانی هەولێریان بڕی،بەڵام

پیاوەشەڕبازەکان نەک هەر گوێیان لێنەگرتن بەڵکو زۆرترین سوکایەتیشیان بەو گیانە ماندوانەکرد، ئازادییەکان پێچرانەوە،دەمی ڕۆژنامە نووسانی ناڕازی داخراو، شەق بارانکران، قامچی وەشاندن لە پشتی نووسەرانی نارازی بەدەسەڵات ،بەڵام دڵسۆز بە ئاوات وئامانجەکانی خەڵکی کوردوستان بووبە پیشەو بەرهەمی ئەم عەقڵە دەغەڵکارە ، پرسیارکردن لەدەسەڵات نەک هەر بێ وەڵام مایەوە بەڵکو ئیشکالیەتێکی واقعیشی بۆ خاوەن پرس بە وجود هێنا، لەبەرامبەر خەڵکانی خوازیاربە کۆمەڵگایەکی مەدەنی هەڵوێستی ڕەش گیرا ، ڕێپێوانەکانی خەڵکی ماندوو دەست تەنگ بۆمافە سەرەتاییەکانی خۆیان بە شریخەی گولە وەڵام درایەوەو هێدی هێدی هەموو بەهاکانیان ژێر پێ نا، بە پێی هەموو مەنتقێک دەسەڵات جگە لە کردنەوەی دۆلار ئاواو فیرعەون ئاواکان، جگە لەئوتێلی پێنج ئەستێرە بۆ خۆیان،جگە لە چێشتخانەی مۆدێڕن بۆ ئینتەلا کردنی خۆیان یەک گاڤیان نەنا بە قازانجی خەڵک، ناوهێنانی پەڕلەمان وەک سیستەمێکی بەڕێوەبردن ئیتر بێتام بووە، جگە لەپارە لووشدان وبەدی هێنانی خواستە تایبەتییەکانی خۆیان هیچ مانایەکی نییە، ڕوخساری پەڕلەمان ئەوەندە دزێوە بە هەق جەریمەیە خوێندنەوەو ناوهێنانیان .

جگەلەم هەموو کارەناشیرینە کە لەسەرەوە هەندێکمان باسکرد، دەرگا بۆهەڵسوڕانی ئیسلامی سیاسی لە هەموو مەیدانەکاندا خرایە سەرپشت.

دەسەڵاتە کەفتەکارەکەی هەرێم ئەوەندە گەمژەو داماو بوو لاپەڕەیەک لە دژایەتی عەلمانیەت وپێشکەوتنخوازیان ڕەش کردەوە،بەڵام هەڕەشەی ڕەش وجدی عەقڵی بە بەردبووی ئیسلامیەکان هێندەی سروەی بایەک بەئاگای نەهێنان، لێرەوە لە ناو زەلکاوی شەڕی ناوخۆو هەژاری وبێدەرەتانی خەڵکەوە بزماری خۆیان چەقاندو هێزیان گرت،پەیامی ئیسلامی سیاسی بە هەموو ڕەنگەکانەوە،پەیامی بڕۆن بۆم چۆل کەن بوو،بەڵام کۆی عەقڵی دەسەڵات لە بەر ژماردنی پارەو هەناردنی بۆدەرەوە نەیان توانی تۆزێک لەنوکتە خوێناویەکانی ئەم باندانە کەم بکەنەوە.

ئەوە هەژاریی ئەخلاقی ولوتکەی داڕزیوییە ئیسلامییەکان پێیان وایە بە زوڵم وترۆرو کوشت وبڕەتوانن سەر بە عەقڵ شۆڕبکەن ولەوێوە گڕ بەربدەنە هەموو جوانییەکان، کەسایەتی ئینسان بخەنە ژێر پێ وکەللەسەری ئێمە بکەنە بەردەباز تا لەوێوە بپەڕنەوە بۆ لای حەفتاو دووحۆری کە خوداکەیان بۆی ئامادە کردوون لەهەقی زۆرترین خوێن کەلەبەر ئینسانیان ڕشتووە.

2007–5–13

هۆلەند